پەرلەمان کارنامەی دانیشتنی ڕۆژی دووشەممەی بەاو کردەوە

پەرلەمانی عێراق کارنامەی دانیشتنی ڕۆژی دووشەممەی ئەم هەفتەیەی بەاو کردەوە و تێیدا، خوێندنەوەی دووەم بە دوو ماددە دەکرێت لەگەڵ خوێندنەوەی یەکەم بە یەک ماددە.

ئەمە شەممە، پەرلەمانی عێراق بەاوی کردەوە، ڕۆژی دووشەممەی ئەم هەفتەیە دانیشتنی خۆی ئەنجام دەدات و تێیدا، خوێندنەوەی یەکەم بە هەموارکردنی یەکەمی یاسای چاندنی ئەندامی مرۆڤ و ڕێگریکردن لە بازرگانی کردن بە ئەندامەکانی مرۆڤەوە.
ئاماژە بەوەش کراوە، خوێندنەوەی دووەم دەکرێت بە ڕەشنووسی یاسای پەسند کردنی ڕێککەوتننامەی لێخۆشبوون لە مەرجەکانی قیزای نێوان عێراق و کۆریای باشوور.

ئەوەش خراوەتە روو، خوێندنەوەی دووەم دەکرێت بە ڕەشنووسی یاسای هەمواری یەکەمی یاسای هاتوچۆی ژمارە هەشت بە ساڵی ٢٠١٩